# کۆتایی بەهاری ئەنتەرنێت !

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

هەفتەی رابردوو چەندین هەواڵ ، لە شوێنی جیا جیای دونیاوە ، جێگای نیگەرانی بوو ، چونکە ئەم هەواڵانە تازە ئیتر هەواڵ نین ، بەڵکو  راستی دانپیانراوی ئەمرۆ و ئایندەی تۆڕی ئەنتەرنێت دەبێ ، هەواڵی ڕێکەوتنی حکومەتی چین و کۆمپانیای Google هەڕەشەیەکی گەورەیە ، سەرەتایەکە بۆ بەشێکی جدی ئەو ڕێگریانەی  لە بەردەم ئایندەی ئەنتەرنێت دایە ، بە پێ ی ئەو ڕێکەوتنامەیە کۆمپانیای ( گوگڵ ) فلتەر بۆ سێرڤیسەکانی خۆی دادەنێ لە چین ، لە بەرامبەریشدا حکومەتی چین دەرگای بازاری وولاتەکەی بۆ گوگڵ والا دەکا ! ئەمە یەکەم ڕێکەوتنامەی بەم ئەندازەیە گەورەیە کە گوگڵ ئیمزای بکا ، بەڵام سەرەتای دیاردەیەك دەبێ و ئەبیینین چۆن لە ئاستی دونیادا دەبێ بە عادەتێك ، رەنگ و رووی سەدەی بیست ویەك دەنەخشێنێ . تازە ئیتر خەڵکی (تبت) کە داوای سەربەخۆی خۆیان دەکەن دەیانەوێ لە چین جیابنەوە لەمەودوا بێ سەمەر بەڵگەنامەکانیان لە سایتەکانیان بلاّو دەکەنەوە ، چونکە دراواسێکانی خۆشیان ناتوانن بیخوێننەوە ، تازە ئیتر هاوڵاتیەکی سادەی چینی ناتوانێ ووتارێك یان وێنەیەك لە تۆڕی ئەنتەرنێت و لە سیرڤیسەکانی گوگڵ بدۆزێتەوە کە نیشانی بدا تۆزێ سورمەی زیادە بە لاچاوی دەسەڵاتەوەیە !



لە 10 تا 15 ساڵی رابردودا ، ئەنتەرنێت بەبێ موغامەرەی شۆرش یان کودەتای خوێناوی ، لە ئاستی گلۆبەڵدا سوپایەکی سپی نێو نەتەوەیی بوو ، گەورەترین دیاردەی ئومێد بەخش بووە بۆ دروست کردنی دونیایەکی موومکین ، کتێبخانە نەما لە سەر گۆی ئەم زەمینە کتێبێك و دوانی لە سەر رەفەی موزەکانا لە بەردەم خوێنەران دانەنابێ سەبارەت بە ئەنتەرنێت. پسپۆڕەکانی گلۆبالێزەیشن ئەوانیش  بۆ پێویستیەکان و بەرژەوندیەکانی بزوتنەوەی بازار بە ئەنتەرنێت ، دەهاتن نانیان لە سەر ئەم خۆشەویستیە جیهانیەی ئەنتەرنێت دەخوارد و ئەنتەرنێتیان ئیدەئالیزە دەکردو دەیانوت :- سەردەمی ئازادیە و تازە هیچ دکتاتورێکی لۆکەڵ  ناتوانێ ڕێگە لە دیموکراسی بگرێ ، بەلام ئەم ریوایەتە لە گەڵ ئەمساڵدا کۆن بووە ،

بینیمان چۆن هێز ،چ وەکو ئابوری چ وەکو سیاسی یان سەربازی دەتوانێ کۆنترۆڵی هەرچی جموجوڵ هەیە لە دونیا بکا ، تەنانەت ئەگەر ئەو جموجوڵە یان ئەو دیاردەیە لە بابەتی ئەنتەرنێت ، گەوهەرێکی مێژوویی گەورە بێ بۆ ئارام کردنەوەی دونیاو دروست کردنی سبەینێ .

سانسۆر كردن كۆدێكه له ئه‌مرۆدا بۆ سه‌ر له‌نوێ دروست كردنه‌وه‌ی شه‌ڕی سارد ، شه‌ڕی سارد له نێوان ده‌وڵه‌ته‌كان له گه‌ڵ یه‌كتر ، حكومه‌ته‌كان و ده‌سه‌ڵاته‌كان له گه‌ڵ هاولاتیانی خۆیان ، شه‌ڕی سیسته‌م له گه‌ڵ ئه‌لته‌رناتیڤی دیموكراسی .ڕه‌نگه به پێچه‌وانه‌ی ئیحای پشتی ناونیشانی ئه‌و نووسینه‌ی من ،خوێنه‌رو زۆربه‌مان بڕواو متمانه‌یه‌كی ته‌واومان به بۆچونی باو هه‌بێ وله‌و بڕوایه بین كه ئه‌نته‌رنێت كۆنتڕوڵ ناكرێ ئه‌م ته‌وژمه تاسه‌ر درێژه‌ی ده‌بێ ، ئه‌م بۆچوونه 10 ساڵ له‌مه‌وبه‌ر كه‌س جورئه‌تی نه‌ده‌كرد بڵێ قسه هه‌ڵئه‌گرێ ، به‌ڵام ئه‌مڕۆ كاتی ئه‌وه هاتووه خوێندنه‌وه‌ی تازه‌و تێگه‌یشتنی تازه‌مان هه‌بێ له سه‌ر ئه‌و گۆڕانانه‌ی له‌م بواره‌دا ڕووی داوه ، ئه‌م ئاڵ و گۆڕانه پێش ئه‌وه‌ی له بواری په‌یوه‌ندیان به ئه‌نته‌رنێته‌وه شی بكه‌ینه‌وه ، ده‌بێ له بواری په‌یوه‌ندیان به ئاینده‌ی ژیان و ئاینده‌ی دونیا شی بكه‌ینه‌وه ، ئه‌م ئاڵ گۆڕانه به خێرای له ئارادایه و میكانیزمی پێكهاته‌ی په‌یوه‌ندیه نێو ده‌وڵه‌تیه‌كان له ڕێڕه‌وی جیاواز له‌نگه‌ر ده‌گرن ، ئازادی بیرو ڕا ، ئازادی وه‌رگرتن و به‌خشینی زانیاری و مه‌عریفه ،ئازادی ڕۆژنامه‌گه‌ری چ له چاپه‌مه‌نی چ له ئه‌نته‌رنێت ، ڕۆژانه ده‌ست درێژی ده‌وڵه‌ت و ده‌سه‌ڵاته‌كانی له‌سه‌ره ، دونیا بووه به گۆڕه‌پانێكی گه‌وره‌ی ساغ كردنه‌وه‌ی هه‌ڵوێست و ئاكشنه عورفیه‌كان ، نموونه زۆره له سه‌ر ئه‌م تێگه‌یشتنه‌م ، به‌ڵام له هه‌ڵوێستی سه‌رۆكی فه‌ره‌نساوه ده‌ست پێ ده‌كه‌م ، فه‌ره‌نسا ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ی كه‌شارستانیه‌تی مرۆڤایه‌تی قه‌رزاری دوو شۆڕش و ڕیزی له فه‌یله‌سوف و روناكبیرانیه‌تی ، ئه‌مڕۆ سه‌رۆكه‌كه‌ی ئاماده‌یه چه‌كی ئه‌تۆمی به كاربێنێ ، ئه‌م هه‌ڕه‌شه‌یه له كام گۆشه‌وه په‌یوه‌ندی به باسه‌كه‌مانه‌وه هه‌یه ؟ له‌و گۆشه‌وه په‌یوه‌ندی هه‌یه كه گۆشه‌یه‌كی بچوك نیشان ده‌دا له‌و چاره‌نووسانه‌ی جارێ ئیحتیمالاته‌و جارێكی تر راستیه‌و وه‌كو سێپتێمبه‌ری 11ی2001به‌یانیه‌ك به‌زرمه‌خه‌به‌رمان ده‌كاته‌وه ، سه‌رده‌م سه‌رده‌می زۆر ڕێڕه‌وی جیاواز و ته‌واو دژ به‌یه‌كه ، ڕیڕه‌وه‌كان زیاتر نیشان ی سه‌ركه‌وتنی تاریكی و توندو تیژیه به سه‌ر ئارامی و ئاشتی ،ڕێره‌وه تاریكه‌كان هێزی ده‌وڵه‌ت و ئابوریان له پشته و ترۆپكی ده‌سه‌ڵاته‌كان له شه‌خسیه‌تی سه‌رۆكی ده‌وڵه‌ته‌كاندا ڕۆژانه ئه‌و زه‌مینه‌یه كابوس ڕێژ ده‌كه‌نه‌وه ، سه‌رۆكی ده‌وڵه‌ته‌كان به ئه‌حمه‌د نه‌ژاد یشه‌وه دڕه‌نده‌ترو ته‌سكبینترن له ستالین و هتله‌ر و چرچل و هیرۆهیتۆ ، ئه‌وانه‌ی ئه‌مڕوش له به‌ر خاتری پێشبڕكێ ی ئابوری جێ وشوێنی گه‌وره‌تر له سه‌نته‌ری په‌یوه‌ندیه نێو ده‌وڵه‌تیه‌كان ، ئاماده‌ن ژیان و دونیا وێران بكه‌ن ، واته بێ دوو دڵی زه‌مینه‌یه‌كی زۆر گه‌وره هه‌یه بۆ كرده‌وه‌ی خوێناوی و شێتانه‌ی گه‌وره‌تر له سانسۆر كردنی تۆڕی ئه‌نته‌رنێت ، ئاماده‌كاری هه‌یه ریزی له حكومه‌ته سه‌ركوتگه‌ره‌كانی ڕۆژ هه‌ڵات به ناوی دیفاع له‌موقه‌ده‌ساته‌وه سه‌نگه‌ر له ڕۆژنامه‌یه‌كی ده‌نیماركی بگرن ، هه‌مان لۆژیك و هه‌مان زه‌مینه بوو دوو شه‌ڕی جیهانی به‌رپا كرد له دونیا و به هێرۆشیما كۆتایی هات ،هه‌مان ئه‌و زه‌مینه‌یه بوو بۆ نزیكه‌ی 50 ساڵ سانسۆر كردنی كرده سه‌قفی ژیان و دایشتوانی لایه‌كی دونیا ئاگایان له لاكه‌ی تری دونیا نه‌بوو ، دانیشتوانی هه‌ر لایه‌ك له لایه‌ن حكومه‌ته‌كانی خۆیانه‌وه وێنه‌ی ده‌ستكردو گونجاو به دڵی حكومه‌تی له‌سه‌ر لاكه‌ی تری دونیا به‌سه‌ر ته‌وزیع ده‌كراو ده‌بوا بروابوونی خۆشیان به‌م وێنانه نیشان بده‌ن ، ئه‌م دۆگما گه‌وره جیهانیه بوو كه‌سانسۆر كردن وای له

قەشەی گوندێکی ئیتاڵیا کرد کە نەفی کردنی شاعیر ( پاپلۆ نیرۆدا ) بۆ گوندەکەی ئەوان بە سەرەتای سەردەمی شەیتان و خراپە کاری لە دونیا وەسف بکا ، چونکە قەشەکەو خەڵکی گوندەکەش لە ڕێگای ئەو وێنانەی میدیای حکومەت و نامیلکەکانی فاتیکان بەسەریان دۆگماڕیژ کرابوو ، هەموویان لەو بڕوایە بوون کۆمۆنیستەکان بە پاپلۆ نیرۆداشەوە بەشەر دەخۆن !



ئەمڕۆ سانسۆر کردن لەدونیا بە گشتی یان لە وولاتی دیاری کراو بە تایبەتی پێویستی بەبەرز کردنەوەی دیواری لە چەشنی دیواری بەرلین نیە ، هەر ئەو ئەنتەرنێتەی زانیاری پێت دەدا ، دەکرێ و زۆر ئاسانە لە سەفقەیەکی دیارکراودا لە گەڵ مایکرۆسۆفت یان یاهو یان گوگڵ ئیتر پێت نەدا ،ئەم بۆچوونەم ڕەنگە وەکو نەتیجەگیریەکی ڕەشبین و پاسفیست بێتە بەرچاو ، بەڵام وەزنی ئەمڕۆی چین لە دونیا کەمتر نیە لە وەزنی سۆڤیەتی دوێنێ ، دابرانی ئەم گۆشەی گرنگەی دونیا لە ئازادی وەرگرتن و ناردنی زانیاری لە تۆڕی ئەنتەرنێت کەلێنێکی گەورە دەخاتە سەر فەلسەفەو حیکمەتی سەرکەوتنی ئەنتەرنێت کە بریتیە لە گشتی بوون ، ئەم کەلێنە زۆر گەورەتر دەبێ ئەگەر وولاتانی دونیا یەك بە یەك بە هەمان تەکتیکی دەوڵەتی چین بەشێك لە بودجەکانیان بۆ مایکرۆسۆفت یان گوگڵ تەرخان کەن لە کوڵ ئەم سەرئێشەیان کاتەوە .

لە سەردەمی شەڕی ساردی سەدەی بیست ، لە قوتبی سۆڤیەت ( ژدانۆڤیزم ) لە قوتبی ئەمریکاش (مەکارسیزم ) نوێنەرایەتی نزیکەی 50 ساڵی سەرکوتی فیکرو ئازادیان کرد لە دونیا ، ئەمڕۆ فلتەرێك لە تۆڕی ئەنتەرنێت دەتوانێ هەمان نوێنەرایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا بکا بێ ئەوەی کارەکتەرێك یان وەزیرێکی لە بابەتی ژدانۆف یان سیناتۆر مەکارسی پێویست بێ .سەدەی بیست کەبە خوێن بە ڕێ کرا ، ڕوویەکی نیە داوەری بکا لە خۆی ، بە پێچەوانەی ئەمەش لە کۆتایی سەدەی بیست وسەرەتای ئەم سەدەیە ئەنتەرنێت بە ڕوویەکی پڕ لە شانازی ، لیبرالیترین دیاردە بوو لە مێژووی شارستانیەت کە توانی دوور لە حوکمەکانی جوگرافیا ، دوور لەعەینەکی ڕەشی پۆلیسەکان ی هەموو دونیا ، هەموو مرۆڤایەتی بە یەکسانی لە ژێر بەهرەمەندبوونی بێ سنوور بۆزانیاری و هۆشیاری کۆبکاتەوە . هێشتا دانیشتوانێکی زۆری سەر گۆی ئەم زەمینە وەکو خەون وەکو هەواڵ ناوی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر لە نێویان دێ و دەچێ ! هێشتا کوردێکی زۆر ، عەرەب و فارس و ئەرجەنتینیەکی زۆر ، ئەنتەرنێتیان کردووە بە تاقە پەنجەرە ، هەتا مانایەك بدەن بە بوونی دەنگی سەربەخۆی خۆیان لە بەرامبەر حکومەت و دەسەڵاتەکانیان ، دوور مەبینن بەیانی لە تاران یان لە هەولێر یا لە دیمەشق سەفقەیەك لە نێوان کۆمپانیای گوگڵ یان مایکرۆسۆفت مۆر بکرێ ، ئەم پەنجەرەیە شیش بەند بکا ، نەسیمی ئەم بەهارە زۆر کورتە بە ئەسپایی تێپەڕێ ، بە تەنیا جێمان بهێڵێ !